نەرم ونیانی لە هەرشتێکدا هەبێت؛ ئەوا دەیڕازێنێتەوە، وئەگەر لە هەر شتێکیش دەربکرێت؛ ئەوا ناشیرینی دەکات

لە خێزانی پێغەمبەرەوە (عائیشە) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەرم ونیانی لە هەرشتێکدا هەبێت؛ ئەوا دەیڕازێنێتەوە، وئەگەر لە هەر شتێکیش دەربکرێت؛ ئەوا ناشیرینی دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە نەرمونیانی و لەسەرخۆیی لە قسە وکردەوە شتەکان جوانتر وکاملْتر دەکات، و بەهۆیەوە پێویستیەکان جێبەجێ دەبێت. ونەرمونیان نەبوون شتەکان ناشیرین وعەیبدار دەکات، وڕێگر دەبێت لەوەی پێویستە جێبەجێ ببێت، ئەگەرچیش بۆی جێبەجێ ببێت ئەوا بەقورسی وناڕەحەتیەوە بەدەست دێت

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5796